کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
16:29 20-6-2007 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## مووچەی ڕێزلێنان بڕا!!! نامەیەک بۆ هێژا سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ... هۆشمەند کوردی

ڕۆژی 18-6-2007 بە مۆری نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئاگەدارییەك لە میدیاكاندا بڵاوكرایەوە كە نابێت هیچ كەسێك دوو مووچە لە بودجەی حكومەتی هەرێمی كوردستان وەربگرێت، ئەو بڕیارە مووچەی ڕێزلێنان و خانەنشینیش دەگرێتەوەو لە 1-7-2007ەوە ئەو بڕیارە جێبەجێدەكرێت، واتە ئەگەر یەكێك فەرمانبەر بوو مووچەی فەرمانبەری وەربگرێت نابێت مووچەیەكی دیكەی بە ناوی ڕێزلێنانەوە یان خانەنشینەوە یان هەر مووچەیەكی دیكەوە هەبێت، بەو پێیە ئەو بڕیارە هەموو ئەو كەسانە دەگرێتەوە كە مووچەی ڕێزلێنان وەردەگرن لە هەمان كاتدا فەرمانبەری میرین یان خانەنشینن و مووچەی خانەنشینییان هەیە، تا ئێرە كێشەكە زۆر ڕوون و ئاشكرایە، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەو مووچەی ڕێزلێنانە كێ هێنایە كایەوە؟ هەر خۆیان نەبوون بۆ دەستەبەركردنی دەنگی نووسەران و ڕۆژنامەنووسان و شاعیران و هونەرمەندان و وەرزشوانان هێنایانە كایەوەو خەڵكیان كەسب كرد!!!؟

بۆیە ئەو بڕیارە تەنیا ئەو كەسانە ناگرێتەوە كە زوڕناژەن و دەهۆڵ ژەن و دۆندرمەفرۆش و چایچی و قەساب و فیتەرو زیڕینگەرو نەزان و بی بڕوانامەو پاسەوان و شوفێری تاكسین و بە هەر واسیتەو واسیتەكارییەك بووە مووچەی ڕێزلێنانیان بە كاغەزو ڕاسپاردەی ئەم وەزیر یان ئەو بەرپرس ئەو مووچەیان پێدراوە!!! كەواتە ئافەرین بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ ئەو بڕیارە زۆر ئاقڵانەی دەریكردووەو ئەو مووچەیە لە نووسەرو ڕۆژنامەنووس و شاعیرو هونەرمەندە ڕاستەقینەكان دەبڕێت و دەیداتە نەزان و بی مستەواو دەهۆڵ ژەن و زوڕناژەن و شوفێری تاكسی، لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزماندا بۆ ئەو كەسانە كە توانیویانە بە هەر چۆنێك بێت ئەو مووچەیە بە واسیتەو واسیتەكاری بۆ خۆیان دەستەبەر بكەن، (كل من جاب نقش عوافی!!!!) .

ئەم هەنگاوەی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەوەوە هاتووە گوایە پتر لە 70%ی بودجەی هەرێمی كوردستان بۆ مووچە دەچێت!!! پرسیار ئەوەیە باشە كێ ئەو حاڵەتەی دروستكرد، هەر خۆتان نەبوون بۆ دەستەبەركردنی دەنگی ئەم و ئەو چەندین لق و مەڵبەندتان كردەوە كە هەر هەموویان پێویستیان بە پارەیەو هەروەها بڕیارتان دا مووچە بۆ دیوەخان و سەنتەرو مەڵبەندەكانی ڕۆشنبیری ببڕنەوە بۆیە تا دێت ژمارەی ئەو مەڵبەندی ڕۆشنبیری و كۆمەڵایەتی و هونەرییانە زیاد دەكات و هیچ كارو ئیشیان نییە ئەوە نەبێت كە تەنیا خانوو بەگری بگرن و بیڕازێننەوەو كەشف پێشكەش بكەن و مانگانە پارەی مۆڵی پێوەربگرن و هیچ چالاكیەیش نەكەن و پارەكە بۆ خۆیان لێدەن و ببنە خاوەنی كۆشك و تەلارو ئۆتۆمۆبیل و پرۆژەی بازرگانی و بە ناوی خۆیشیانەوە نەبێت تا كەشف نەبن!!

نەك هەر ئەوە بۆ ئەوەی دەمی ئەم و ئەو قەپات بكەن یاسای پیاوماقووڵانتان هێنایە كایەوە هەر پیاو ماقووڵێك مووچەكەی لە مووچەی مامۆستایەكی زانكۆ یان بەڕێوەبەرێكی قوتابخانەی دواناوەندی و بەڕێوەبەرێكی گشتی هەر وەزارتێك زیاترە، جا خۆتان و خواتان دەزانن ژمارەی ئەو پیاوماقووڵانە لە زاخۆوە تا خانەقین و مووسڵ و ژەنگاڵ چەندەو تەنیا لە دیوەخان دانیشتوون و پاڵیان داوەتەوەو سەرە مانگان دەچن لە لق و مەڵبەندەكانتان مووچەی خۆیان دەخەنە تەنكی باخەڵیانەوەو بە كەماڵی ئیسراحەت یەك مانگی ڕەبەق دەحەسێنەوە هەر خەرج دەكەن و فەرمانبەرو نووسەرو

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

رۆژنامەنووسانیش لەو لاوە زیتەی چاویان دێت و ئارەق دەڕێژن تا سەرە مانگان مووچەیەك وەردەگرن ئەوەندەی مووچەی ئەو پیاوماقوولانە نابێت!!!

تۆو خوا ئەوە گەندەڵی نییە خۆتان دروستتان کردو لە هەر قوتابخانەیەکی گوند یان شارۆچکەدا پتر لە 30 یان 40 فەڕاشتان بۆ قوتابخانەیەك دامەزراند کە قوتابخانەکە پێویستی تەنیا بە یەك یان دوو فەڕاشە، ئەی ئەوە گەندەڵی نییە خۆتان دروستتان کردو هەنووکە دەڵێن 70%ی بودجەی هەرێم بۆ مووچە دەچێت!!! ئێوە دیوتانە مزگەوتی گوندێك مەلایەکی نەبێت بچن 15 موئەزنی بۆ دامەزرێنن و کەسیان نەشزانن بانگ چییەو چۆن بانگ دەدرێت!!! دیوتانە لە فەرمانگەیەکی تەندروستی ئەم شارۆچکە یان ئەو شارۆچکە تەنیا یەك ئیسعاف هەبێت دە تا دوازدە شوفێر بۆ ئەو ئیسعافە تەعیین کرابێت و هەر سی مانگ جارێك یەکێکیان یەك هەفتە دەوامی بەر بکەوێت و سەرە مانگانیش هەر هەموویان بێن مووچەی خۆیان وەربگرن!!!

ئەی ئەوە گەندەڵی نییە خۆتان دروستتان کردووەو هەر نا هونەرمەندێك لە دەرەوە دێنن و بە دەیان و سەدان دەفتر دۆلاریان لەبەردەمدا هەڵدەڕێژن و کلیپێك دەردەهێنن یان بەشداری لە ڤیستیڤاڵێکدا دەکەن، پارەو دۆلار بۆ ئەو دەزگەو ئەم دەزگە هەڵدەڕێژن بێن لە کوردستان لە سەر حسیبی شاعیرو نووسەرو رۆژنامەنووسانی کوردستان ڤیستیڤاڵ بکەن و یەك نوووسەر یان رۆژنامەنووس یان هونەرمەندی کوردستان دەعوەت نەکەن، لە باشترین ئۆتێل و چێشتخانەدا سی ژەمە نان بخۆن و بخۆنەوەو پشوو بدەن هەر هەمووشی لەسەر حسێبی گەلی کوردستان کە بە ناوی ئەوەوە قسان دەکەن ئەویش لە دوورەوە زیتەی چاوی دێت!!!

یان ئەوە گەندەڵی نییە بۆ دەم بەستنی ئەم نووسەر یان هونەرمەند یان بۆ کڕینی قەڵەمەکانیان بە سەدان دەفتەر خانوو و کۆشکیان بۆ دەکڕن و مووچەی باشیان بۆ دەبڕنەوەو ئەوانیش هەر دەخۆن و ناجیکێنن!!!

ئێوە لە جیاتی ئەوەی چاکسازی بە بڕینی مووچەی رێزلێنان دەست پێبکەن بچن لە خۆتانەوە دەست پێبکەن، ئەگەر دەزانن خەڵك لەگەڵتانە هەر هەموو ئەو لق و مەلبەندانەتان بۆ چییە؟، ئێوە ئەوەندە گەندەڵن خۆتان لە هەموو پرۆژە بازرگانی و ئاوەدانی و گەشت و گوزاری و هەر هەموو پرۆژە ستراتیژییەکاندا 50% پشکدارن و هیچ پرۆژەیەك نییە و نابێت ئەگەر پشکی ئێوەی تێدا نەبێت و ئەوەیش پشکی ئێوەی تێدا نەبێت تەگەرە بۆ خاوەنەکەی دروست دەکەن و ری نادەن سەربکەوێت تا ناچار دەبیت وازی لێدێنێت و بۆ ئێوەی جی َ دێڵێت!!!!

بۆیە پێویستە سەرەتا مووچەی ئەو پیاوماقووڵ و ئەو دەست و پێوەندانەی خۆتان ببڕن، مووچەی زیادی ئەو هەموو وەزیرە زۆرو زەبەندەیە ببڕن، ژمارەی ئەو وەزیر و مودیر عامە زیادانە کەمتر بکەنەوە، دەفتەرە دۆلار بەسەر دەست و پێوەندی خۆتاندا تەخشان پەخشان مەکەن و کۆشك و تەلاریان بۆ دروست مەکەن و ئاخر مۆدیل سەیارەی جام رەشیان بۆ مەکڕن و پارەی هەر هەموو ئەو شتانە بخەنە ناو بودجەوەو پرۆژەی ئاوەدانی و خزمەتگوزاری پی دروست بکەن و ئەوجا دەتوانن گەندەڵی بنبڕ بکەن کە لە خودی خۆتانەوە دەستتان بە بنبڕکردنی کرد، ئەگینە بڕینی مووچەی رێزلێنانی نووسەرو شاعیرو رۆژنامەنووس و هەنەرمەندە راستەقینەکان زیانێکی زۆری لێدەکەوێتەوە، بۆیە پێویستە بەو بڕیارەدا بچنەوەو مەرجی ئەوە دانێن ئەو نووسەرو شاعیرو رۆژنامەنووس و هەنەرمەندە راستەقینانە پتر لە بیست و پێنج ساڵ چالاکییان لە بواری پیشەکەی خۆیاندا هەبێت و بەردەوام بن، ئەنجا ئەو مووچەیان پێبدرێت و چاو بە لیستی ناوەکاندا بخشێننەوەو ئەوەی موستەحەق بوو بمێنێتەوەو ئەوەی ساختە بوو لێی ببڕن، نەك بچن هشك و تەڕ پێکڤە بشەوتێنن!!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.